Available online at http://aran.garmian.edu.krd

ARAN JOURNAL For Languages and Humanities

**Aran Journal for Language and Humanities**

https://doi.org/10.24271/ARN.2025.01-02-19

# سینەمای سۆڤیەت ..سینەمای سەردەمە تاڵەکانی ژیان: هەژموونی ئایدۆلۆجیا لەسەر بەرهەمهێنانی هۆشیاری لە رێی فیلمەوە

**دڵشاد مستەفا رەحیم**

بەشی فیلمسازی، کۆلێجی هونەرەجوانەکان، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان – عێراق

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received | June, 2025 |
| Accepted | August, 2025 |
| Published: | November, 2025 |

**Keywords**

سینەمای سۆڤێتی ، مۆنتاژ ، هەژموونی ئایدۆلۆجی، سینەمای شۆرش

**Corresponding Author**

dilshad.razawa@univsul.edu.iq

**پوختە:**

شۆرشی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ بەتەنها گۆرانکارییەکی سیاسی شۆرشگێرانە نەبوو بۆ کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی سیزەر لە روسیا و هێنانە کایەی حکومەتێکی سۆشیالیستی لە پێناو باشترکردنی ژیانی خەڵک ، چینە هەژارەکانی کۆمەڵ بەتایبەتی ، بەڵکو گۆرانکارییەکی بنچینەیی بوو لە تەواوی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و کەلتووری ئەو وڵاتەدا و کاریگەرییەکانی تەواوی لایەنە فەرهەنگی و هونەرییەکانیشیان گرتەوە . سینەما وەک یەکێک لە بەهێزترین و دیارترین ئامرازە نوێیەکانی هۆشیاری لەو سەردەمەدا بایەخێکی گەورەی وەرگرت و خۆشی وەک دیاردەیەکی سەردەمە نوێیەکە بووە جێی وردبوونەوەی بیریارانی ئەورۆژگارە و بە ئەمرۆشەوە قسەکردن لەسەر سینەمای سۆڤێتی هێشتا بابەتێکی گەرم و سەرنج راکێشە .

بەشی زۆری ئەو توێژینەوانەی دەربارەی ئەو سینەمایە کراون بەتەنها کاریان لەسەر ئەو دیوەی کردوە کە چ جۆرە کاریگەرییەکی ئەرێنی لەسەر کۆی سینەمای دنیا داناوە ، بەتایبەتی لەهەوڵەکانی هاتنەگۆرێی مۆنتاژ دا و ئەو جۆرە هەژموونەی ستایلی کارکردنی فیلمسازانی ئەو وڵاتە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ واقیع ، لەبەرامبەر ئەوەدا دۆخی گشتی بەرهەمهێنان و ئەو هەژموونەی ئایدۆلۆجیا لەسەپاندنی کۆت و بەند بەسەر دنیای ئەفرێنەرەکاندا کەمتر بۆتە جێی کارکردن .

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات بەنێو ئەو پەنهانییەدا رۆبچێت کە لەدەوری بونیادە گشتییەکەی ئەم رەوتە سینەماییە هەیە ، هاوکات ، کارکردنە لەسەر شیکردنەوەی هەژموونی ئایدۆلۆجیاو سیاسەت لەهەمبەر ئەو کایەی داهێنانەی دەیان دەرهێنەری مەزنی بە دنیای فیلمسازی بەخشیوەو شیکاری ئەو کۆت و بەندانەی خودی خۆی بۆ داهێنەرەکانی دروست کردووە . هەوڵدان بۆ راڤەکردنی زەبری هێزی سیاسی و بیرکردنەوەکانی و دروستکردنی کایەیەک کە لەرازەی دەسەڵاتداریتی سیاسی و بیرکردەوەکانیدا بێت یەکێکی ترە لەو بەشانەی لەم توێژینەوەیەدا گرنگی پێدراوە و کاری زیاتر و هەڵکۆڵینی زانستیانەی تێدا کراوە .

## پێشەکی:

سینەما لەنێو هونەرەکانی تردا هەمیشە بەوە ناسراوە کە بەپێی تێپەڕبوونی ڕۆژگار گۆڕانکاری بنەڕەتی تێیدا ڕوودەدات . هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانییەوە بە کۆمەڵێک قۆناغی گەشەکردندا تێپەڕبووە و هەموو پێشکەوتنێکی زانست و تەکنەلۆجیا گۆڕانکاری گرنگ لەنێو ئەم هونەرەدا بەرپا دەکات . بۆیە بەبەردەوام و جیاواز لە هونەرەکانی دی جێی تێڕامان و سەرنجی نێوەندە هزرییەکانی دنیایەو بەشێکی باش لە بیریارانی دنیا کاریان لەسەر چەمکە جیاوازە تیۆرییەکانی ئەم هونەرە کردووە و شیکاریان بۆ پێکهاتەکانی و لێکەوتەوەکانی و پەیوەندییەکانی لەسەر ئاستە جۆراوجۆرەکان کردوە .

یەکێک لەو کێشانەی کە بەبەردەوام لەنێو مێژووی سینەمادا و بەتایبەتیش کە کار دێتە سەر دۆزینەوەی چوارچێوەی تیۆری بۆ کردە پراکتیکییەکان کێشەی ناونان و دۆزینەوەی قاڵبە بۆ ئەو کارانە ، هەندێک جار کە بە خوێندنگە ناودەبرێن بەرهەڵستی دروست دەبێت و ژمارەیەک ڕەخنەگر دەکەونە ڕاڤەی ئەو جیاوازییەی هونەری حەوتەم لە ئاست ئەوانی تردا هەیەتی و ئەو بنەمایانە شی دەکەنەوە کە ئەم هونەرە دەتوانێت لە چوارچێوەی فۆرمی جیاوازدا دەربکەوێت نەک خوێندنگە وقوتابخانە . ئەو کاتەشی بەشەپۆل یان تەوژم و رێباز ناودەبرێن لە دەوری خۆیان جۆرێک لە تەم و مژ دروست دەکەن کە شوناس و پێکهاتە و سیماکان ئاڵۆزتر دەکات . بۆیە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو جۆرە دیاردانە هەروا سانا نییە بەتایبەتی لە نێو هونەری حەوتەمدا کە جێگیرکردنی لەنێو قاڵبێکدا ئەستەمە، بەڵام بۆ ئەوەی خۆمان لەو کێشانە دوور بخەینەوە بەناوە ڕەسەنەکانی خۆیان لەنێو ڕەخنەی سینەما و شیکاریدا ناویان دەبەین .

لە بیستەکانی سەدەی بیستەوە ڕستێک تەوژم و شەپۆلی سینەمایی جیاواز سەریان هەڵدا و هەریەک لەو تەوژمانە بە ئاراستەیەکی تایبەت کاری تیۆری و پراکتیکییان بۆ جێگیرکردنی سیماکانی خۆیان ئەنجام داوە. بەشێک لەو تەوژمانە لەسەر هەندێک بنەمای هزری و هەندێک لەسەر جۆرە ئایدۆلۆجیایەکی تایبەت کاریان کردووە . لەنێو ئەو تەوژمانەدا سینەمای سۆڤێتی هەندێک تایبەتمەندی تری بۆ خۆی دروستکردووە کە پەیوەندی بەو ڕارودۆخە بابەتییانەوە هەیە کە لە ڕۆژگاری شۆڕشی بەلشەفیکەوە سەریان هەڵداو دواتریش بەو هەموو گۆڕانکارییانەدا تێپەڕ بوون کە بەسەر تەواوی وڵاتەکەدا هات. لەسەرەتای شۆڕشەوە سیما و فۆرمی کارکردن بە جۆرێک بوو دواتر گۆڕانکاری بەسەردا هات و لە سایەی گۆڕانی دەسەڵاتی سیاسیدا فۆرمێکی تر لەکارکردن جێگای سەرەتاکانی گرتەوە . پاشان بە تێپەڕبوونی کات و کاڵبوونەوەی زیاتری ئەو پرنسیپانەی شۆڕشی ئۆکتۆبەری لەسەر دامەزرابوون ، ئەدەب و هونەر بەگشتی و سینەما بە تایبەتی بەرەو ئاراستەی تر هەنگاویان ناو لەبەردەم گۆڕانکارییە حەتمییەکاندا بەشێک لەو سیما و تایبەتمەندیانەیان لەدەستدا کە جۆرێک لە شوناسی بۆ دروست کردبوون .

کارکردن لە کایەیەکی فرە هەستەوەر و ئاڵۆزی وەک سینەما و بەتایبەتیش شەپۆلێک یان ستایلێک لە سینەما کە بنەمایەکی ئایدۆلۆجی پتەو لەپشتیەوە کاربکات پێویستی بە لەسەر وەستان و وردبوونەوەی زیاتر هەیە ، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا بە چەند شێوازێک و لەگۆشە نیگای جیاوازەوە مامەڵە لەگەڵ بابەتەکەدا دەکرێت . سەرەتا و لەبەشی یەکەمدا کار لەسەر مێژووی سینەمای سۆڤیەت و سەرەتاکانی کارکردن و فۆرمۆلەبوونی چەمکەکە کراوە و پاشان گەشەی ئەو کارکردنە شیکراوەتەوە . لەبەشی دووەمدا ، شیکاری بۆ ئەو بنەما ئایدۆلۆجیە کراوە کە لەپشتەوەی تەوژمەکە کاردەکات و کاریگەرییەکانی لەسەر پێکهاتەی گشتی بەوردی مامەڵەی لەگەڵ کراوە ، بەشی سێیەم کارکردنە لەسەر سینەما و فۆرمەکانی شۆڕش و تێیدا وردەکارییەکانی وابەستەبوونی فیلمسازان بەو تایپە لە فۆرمی ئایدۆلۆجی و لێکەوتەوەکانی شیکراوەتەوە هەلومەرجی دوای گۆڕانکارییە سیاسییەکان و کاریگەرییەکانی لەسەر کۆی پرۆسەی بەرهەمهێنان بە وردی خراوەتە ڕوو . لەبەشی چوارەمدا کار لەسەر بە کۆتا هاتنی ئەو فۆرمە لەکارکردن لەسایەی زەبری دەسەڵاتی سیاسیدا کراوەو لێکەوتەوەکانی ئەو دۆخە و دواتر دوای گۆڕانکاری سیاسی تر خراونەتە ڕوو. پاشان سەرهەڵدانی جۆرێکی دی لە سینەما کە تێیدا سنوری ئایدۆلۆجیا تێپەڕێنراوە و گەرانەوەی ئینسان بۆ خودی خۆی و لایەنە ڕۆحییەکانی دەستی پێکردوە و تارکۆڤسکی بووە پێشڕەوی جۆرێک لە سینەما کە هەندێک لە ڕەخنەگران دەیبەنە نێو فۆرمی ترانسێندێنتاڵ .

## بەشی یەکەم : چوارچێوەی میتۆدی

### کێشەی توێژینەوەکە :

لەگەڵ ئەوەی ئەم توێژنەوەیە لەسەر ڕەوتێکی سینەمایی دیاریکراوە کە لەساڵانێکی مێژووی سینەمادا بەرقەراربووەو لەرۆژگاری ئەمڕۆدا تەنها کاریگەرییەکانی ماوە ، بەڵام هێزی ئەو تەوژمە و ئەو بارودۆخەی تێدا هاتۆتە کایەوە تارادەیەکی زۆر تەمومژاوی و نارۆشنە . لەگەڵ ئەوەی لە هەندێک توێژینەوەی پێشوتردا کاری لەسەر کراوە ، بەڵام هێشتا دەرفەتی تر بۆ شیکاری زیاتر لەخۆ دەگرێت.

بەشی زۆری ئەو توێژینەوانەی لەسەر ئەم تەوژمە سینەماییە کراون ، بایەخیان بە کاریگەرییە ئەرێنییەکانی لەسەر کۆی مێژووی سینەما وبەرهەمهێنانی فیلم داوە و کەمتر کار لەسەر ئەو فشارە سیاسی و ئایدۆلۆجیە کراوە کە لەسەر خودی پایە گرنگەکانی ئەم فینۆمینە بوون . بۆیە دەکرێت لەسەر بنچینەی چەند پرسیارێکی گرنگ گریمانی کاری توێژینەوەکە دابرێژین : ئەو فشارە سیاسی و ئایدۆلۆجیانە چی بوون کە لەسەر دۆخی بەرهەمهێنانی فیلم لە یەکێتی سۆڤێتدا لە ئارادابوون ؟ هێزی بەرهەمهێنانی دەوڵەت چ جۆرە کاریگەرییەکی لەسەر کۆی پرۆسەی بەرهەمهێنان هەبوو ؟لێرەوە ، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدرێت لە میانەی گەران بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانە بەنێو شیکاری ئەو لایەنەدا ڕۆبچین کە کەمتر تیشکی خراوەتە سەر .

## ژینگەی توێژینەوەکە :

یەکێتی سۆڤێتی جاران لە نێوان ساڵانی ١٩١٧-١٩٨٦

## گرنگی توێژینەوەکە :

ئەم توێژینەوەیە بۆ بایەخدەران بە ڕەوتە سینەماییە جیهانییەکان و هەموو ئەو خوێندکارانەی لەنێو کایەی ئەکادیمیدان گرنگی خۆی هەیە و بۆ توێژەرانیش لەبوارەکانی مێژووی سینەما و تیۆرەکانیدا و خودی فیلمسازانیش گرنگە ،چونکە ڕۆچوونە بەنێو هەندێک وردەکاری فەرامۆشکراودا کە پێشتر لەنێو کایەی روناکبیری و ئەکادیمی کوردیدا پەییان پێ نەبراوە .

## ئامانجی توێژینەوەکە :

ئامانج لەم توێژینەوەیە :

- گەرانێکی وردە بەنێو ئەو بنەمایانەی تەوژمی سینەمای سۆڤێتی پێکدەهێنێت
- شیکاریکردنی ئەو بنەما فیکری و ئایدۆلۆجیانەی لەرۆژگارێکدا کە وەک پیرۆزی تەماشاکراون چ دیوێکی تری شارراوەیان لەنێو ئەو دنیا بەرینەدا هەبووە و تارادەیەک فەرامۆش کراون .
- بەراورد کردنی قۆناغەکانی بەرهەمهێنان لەسەردەمی سەرەتاکانی شۆڕشەوە بۆ سەردەمی ستالین
- هەوڵدان بۆ کارکردن لەنێو ئەو پەنهانیەدا تەواوی ئەو وردەکاریانە بخاتە روو کە لەمەوبەر کاریان لەسەر نەکراوە و لەفەرامۆشیدا جێهێڵراون .
- دەستنیشانکردنی هەوڵە جیاوازەکان بۆ دەربازبوون لە هەژموونی ئایدۆلۆجیای دەوڵەت .

## میتۆدی توێژینەوەکە :

ئەم توێژینەوەیە پشت بە رێبازی پەسنی/شیکاری دەبەستێت لە رێگەی وەسفکردنی دیاردەکان و باگگراوندی مێژووی سینەمایی سۆڤیەت و دواتر شیکردنەوەی ئەو هەژموونەی ئایۆلۆجیای دەسەڵاتی سیاسی بەسەر ناوەرۆکی فیلمەکاندا سەپاندویەتی ، پاشان توێژەر سودی لە رێبازی مێژوویی وەرگرتووە بۆباسکردنی رووداوەکان و فیلمەکان لە سەردەمە جیاوازەکانی بەرهەمهێناندا .

## دووەم : چوارچێوەی تیۆری :

### تەوەری یەکەم : سینەمای سۆڤێتی : سەرەتا و گەشەکردن :

بەڵگە نەویستە قسەکردن لەسەر سەرەتاکانی سینەما و گەشەسەندنی چەمکەکانی لەنێو مێژووی سینەمادا ، بەبێ وردبوونەوە لە سینەمای سۆڤێتی و وەستان لەسەر ئەو هەنگاوە جددی و داهێنەرانەی لە رۆژگاری دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ دا بەدی هاتوون ، کەم دەهێنێت. بەشێکی زۆر لەوانەی دەربارەی سینەما دەدوێن و بەتایبەتی دەیانەوێت شتێک دەربارەی گرنگی ئەو هونەرە لەنێو کایەی هزری و کۆمەڵایەتیدا رای خۆیان دەردەبڕن دەگەڕێنەوە بۆ ئەو وتەزایەی لینین کە لە رۆژی ٢٧ ی ئابی ساڵی ١٩١٩دا دەڵێت ( لەنێو هەموو هونەرەکاندا سینەما بۆ ئێمە گرنگترینە یان کاریگەرترینە )(اینبال ، ٢٠٠٠: ٢٥) بەڵام لەو بارودۆخە ناکۆڵنەوە کە هەقیقەتی وتەزاکەی لێوەهاتووەو هیچ شتێک لەسەر کۆبونیادی فەراهەم بوونی ئەم رایە روون ناکەنەوە ، هەڵبەتە بەشێک لەوانە نوقمی روکەشگەراییەکی کەم وێنەن و بەتەنها لەسەر بنچینەی رۆشنبیرییەکی بیستراو بەر ئەو جۆرە بابەتە دەکەون و هەندێکی تریش بۆی گرنگ نییە کە ئەو دۆخە پێکهاتەو وردەکارییەکانی چین .

دۆخی رۆژگاری دوای شۆڕش بە جۆرێکە کە سەرکردەکانی بەلشەفیک بە هەموو مانایەک لە دۆزینەوەی ئەو کۆدانەدان کە کۆمەکیان بکات لە گەیاندنی هۆشیاری بە کۆمەڵانی خەڵک بە گشتی و بونیاتنانی پەیوەندییەکی تۆکمە لەگەڵ پرۆلیتاریا بۆ ئەوەی بەتەواوی لەوە تێبگەین کەشۆڕش لەراژەی ئەوانە و پارێزگاری کردن لە خودی شۆڕش و دەستکەوتەکان و ئایندەی پارێزگاریکردنە لە ئایندەی پرۆلیتاریا و بەرژەوندییەکانیان . سەردارانی شۆڕش لەو بڕوایەدا بوون کە (زمانی بەهێزی وێنەی ئەم نێوەندە نوێیە ، دەتوانێت جەماوەری نەخوێندەوار فێری مێژوو و تیۆری سۆشیالیستی بکات ، دەتوانرێت فیلم بەکاربهێنرێت بۆ دووپاتکردنەوەی بەهاکانی گەڵ تا شۆڕشی بەلشەفیک سەربکەوێت و گەشەبسێنێت) (Fabe,2004:53) .

لەم سۆنگەیەوە لینین لەبەر رۆشنایی رێنماییەکانی لۆناچارسکی دا کە لەو رۆژگارەدا پشکنەری فێرکاری گشتی بووە ، بریاری خۆماڵیکردنی پیشەسازی سینەمایدا و هەندێک ۆرکشۆپی سینەمایی سەربەدەوڵەتی دامەزراند تا لەوێدا وانەی هونەری سینەما لەسەر بنەمایەکی تیۆری میتۆدی بخوێنرێت. بەشێک لە مێژووناسانی سینەما ئەم رۆژە بە رۆژی بەدنیا هاتنی سینەمای سۆڤیەتی دادەنێن ، چونکە لێرەوە جۆرێکی تایبەت لە سینەما بەدی دێت کە هێدی هێدی تیۆر و بنەمای بۆ دادەنرێت و لە زنجیرەیەک ۆرک شۆپیشدا هەوڵی پراکتیککردنیان دەدرێت . لەسەردەمی دەستپێکی ئەم ۆرک شۆپانەدا سینەماکارانی ئەو رۆژگارەی سۆڤێت لەژێر کاریگەری ئەزموونی دەوڵەمەندی دی .دەبلیوو.گریفث دا بوون لەتەکنیکی گێرانەوە و بەیەکەوەنانی گرتەو دروستکردنی کاریگەری سۆزداری لەسەر بینەر . ئەوکاتەی فیلمی دەمارگیری گریفث دەردەکەوێت هێندەی تر دڵبەندییان بۆ تەکنیکی گواستنەوەی کامێرا و بەیەکەوە گرێدانی گرتەکان زیاد دەکات ، بەشێوەیەک ئیزنیشتاین دان بەوەدا دەنێت کە هەر بەرهەمهاتوویەکی نوێ لە سینەمای سۆڤێتدا سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ فیلمی دەمارگیری گریفث .

له هەموو ۆرکشۆپەکانی رۆژانی سەرەتای خۆماڵیکردنی سینەما دیارتر ۆرکشۆپی دەرهێنەری نێودار  لیف کۆلیشۆف بوو . لەمیانەی کارکردنیدا کۆلیشۆف لەهەوڵی سەلماندنی ئەوەدا بوو کە هونەری سینەما لەو کاتەدا دەستپێناکات کە وێنەگرتن دەست پێ دەکات ، بەڵکو لەو کاتەی لە پرۆسەی مۆنتاژدا گرتە تاکەکان مانای نوێ بەدەست دەهێنن . ئەزموونەکەی کۆلیشوف ئەوەی سەلماند کە لە پێکەوەنانی گرتەکانەوە مانا لە زەینی وەرگردا بەرهەم دێت ، مانایەک کە ئەوەی هەر گرتەیەک بەتەنها بەرهەمی دەهێنێت تێدەپەڕێنێ . هەڵبەتە لەساناترین ناساندندا بۆ مۆنتاژ و کاریگەرییەکانی بەبەردەوام ئەزموونە سەرەتاییەکانی کۆلیشۆف دەبنە هەنجەتی دۆزینەوەی ئەو کۆدانەی بەریەککەوتنی وێنەکان لەزەینی وەرگردا بەرهەمیان دەهێنن . جی لییدا ئاماژە بەوەدەکات کە کۆلیشوف لە ئەزموونی ئاکتەر (مۆسجخین) وەە دەگات بەو دەرئەنجامەی ( نواندنی ئاکتەر بەپێی ئەوەی مۆنتێر دەیسەپێنێ دەگاتە بینەر ، چونکە بینەر خۆی گرتە بەیەکەوە بەستراوەکان تەواو دەکات و ئەوەی تێدا دەبینێت کە لەرێی مۆنتاژەوە بۆی پێشنیار کراوە( Leyda,1983:65).

لەو رۆژگارانەوە شۆرش هەڵوێستی کۆمەڵی روسیای دەربارەی هونەر گۆڕی و بنەمای سەرەکی کارکردن لەو کایەیەدا ئەوەبوو کە کەلتووری بۆرجوازی دەبێت بەهێز لابرێت و رێگە بۆ جۆرێک لە کەلتووری نوێ بکاتەوە کە پرۆلیتاری بێت . هونەر لەو رۆژگارەدا پانتاییەک نییە بۆ چێژێکی ئیستاتیکی دەستەبژێرێک بەڵکو کایەیەکە بۆ فێرکردنی کرێکاران و چەسپاندنی بیری سۆشیالیستی لەنێو زەینیاندا ، ئەرکی هونەر بەتەنیا لەهاندانی گەلدا چڕ دەبێتەوە بۆ بنیاتنانی کۆمەڵێکی سۆشیالیستی.

لەنێوەندی فیلمسازی سۆڤێتیدا هەندێک نموونەی گرنگی فیلمی شۆڕشگێڕی دروستکراون کە گوزارشت بوون لە واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەو رۆژگارەی یەکێتی سۆڤێت ، لەونێوەندەدا ناوی (ڤلادیمێر مایکۆڤسکی ) شاعیر دێت کە لە ساڵی ١٩١٩ دا بە هاوبەشی لەگەڵ ( یەڤگینی سلاڤنسکی ) فیلمی (The Young Lady and the Hooligan) یان دروستکرد کە باس لەو سەرەتایانەی ژیان دەکات لە دوای شۆڕش ، لە بڵاوبوونەوەی چەتەگەری و ئاژاوەو ئەو ململانێ نادروستانەی سەرهەڵدان و داکۆکیکردن لە ئایدۆلۆجیا لە ژیانی خەڵکدا دروستی کردبوو . دوا بەدوای ئەو هەندێک فیلمی تریش دروستکران کە دەیانویست واقیعی کۆمەڵایەتی لە پشت توێژێک لە کۆمیدیاوە بشارنەوە ،لەگەڵ ئەوەدا  لەسەرەتای شۆڕشدا ئەم فیلمانە وەک فیلمی شۆڕشگێری تەماشا دەکرا ، بەڵام دواتر وەک زۆر فیلمی تری ئەو قۆناغە ئەو بایەخەیان لەدەست دا و بە ئێستاشەوە زۆر بە دەگمەن نەبێت باس لەو بەرهەمانە ناکرێت.

لەلایەکی ترەوە ، گەر فیلمەکانی ئێزنیشتاین کە لە بیستەکانی سەدەی رابردوودا دروستی کردوون وەک نموونەی فیلمی ئەو رۆژگارە وەربگرین دەبینین لەسەر هەردوو ئاستی فۆرم و ناوەرۆک نموونەیەکی دیاری هونەری مارکسیستییە ، ئەو بەلێکدانەوەی بەلشەفییەکان بۆ مێژوو قایلە ، دیدێک کە ململانێی چینایەتی بەچەقی گۆڕانکاری دادەنێت . ئێزنیشتاین ( سەرمایەداری وەک سستمێکی کۆمەڵایەتی ماوە بەسەرچوو دەبینێت ، بەڵام پرۆلیتاریا بەتایبەتی چینی کارگەری شارەکان - ئەوە هێزی سەرەکیی کودەتایە بەسەر سەرمایەداریدا ، بۆیە لە فیلمی (مانگرتن) دا ، مردنی کرێکارێک لەسەر ئامێرێک دەبێتە هۆی مانگرتنی کرێکاران). (Thompson & Bordwell,2018:111)

هاوکات لەگەڵ ئەم ئەزموونانەدا دەبێت لەوە وردبینەوە کە سینەمای سۆڤێت لەو رۆژگارەدا وەک بەرهەمهێنان لەژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتدایە ، بەڵام  کۆمپانیا گەورەکانی ئەو سەردەمە بەتەنها کەوتنە بەردەم خۆماڵیکردن ، گەورەترین ستۆدیۆی سینەمایی لەو رۆژگارەدا ( ستۆدیۆی کۆمپانیای خانگۆنکۆڤ) بوو کە کارمەندەکانی ١٠٠ کەس بوون . لەساڵانی سەرەتادا ئەو کۆمپانیایانە لەگەڵ کۆمپانیاکانی دەوڵەتدا پێکەوە کاریان دەکرد ، هاوکات هەندێک کۆمپانیای تر کە پێش شۆڕش هەبوون پێش بڕیاری خۆماڵیکردن وازیان لەکارکردن هێنا نموونەی (درانکۆف ، برسکی ، فنگرۆف ، خمیرا) . لێرەوە( بنچینەی بەرهەمی سینەمای سۆڤێتی ژمارەیەک پرۆژەی سینەمایی بەگەڕخست لەژێر چاودێری دەزگای نارکۆکۆمبرس ، کە ئەم دەزگایە ستۆدیۆی پێشووی خانگۆنکۆف بوو)(Leyda,1983:67 ).

کەواتە دەسەڵاتی دەوڵەتی بە ئاشکرا دەست وەردەداتە نێو بەرهەمهێنانی فیلم و ئەوەی خۆی دەیەوێت لە فۆرم و تایپی فیلم ئیدی ئەوە دەبێتە سەردار و سینەما لەئەرکێکی ترەوە دەگلێت کە بەرهەمهێنان و گواستنەوەی ئایدۆلۆجیایە و جۆرێک لە فیلم دێتە بەرهەم کە بەفیلمی پروپاگەندایی دەناسرێت . هەڵبەتە ئەم زاراوەیە تەنها بۆ وەسفکردنی ستایلی بەرهەمەکانە و لەو سەردەمەدا هیچ جۆرە لێکدانەوەیەکی تری بۆ نەدەکرا جگە لەناوهێنانی لەژێر ئەو پۆلێنکردنەدا . سینەمای پروپاگەندا  مانای (بڵاوکردنەوەی ئەو پەیامانەی ناوەڕۆکێکی ئایدۆلۆجیان هەیە بە ئامانجی بەشداری بینەر لە پابەندبوون و بڕواپێهێنان و سۆزداری یان بەرگوزارکردنی  رەفتار و هەڵوێستێکی دیاریکراو .  ناوەڕۆکی ئایدۆلۆجی ئاماژەیە بۆ هەندێک باوەڕی سیاسی و ئاینی و مۆڕاڵی ، بەشێوەیەکی گشتی واگوزارشتی لێ دەکرێت کە کۆپی سادە و زیادەڕەوی واقیعی راستەقینە یان خواستراوە، تێکەڵاوێک دەبێت  لە راستی و بەهای باڵا و خواستەکان ) (طبارة :2019).

لەم قۆناغەدا ژمارەیەکی بەرچاو فیلم بەرهەمهاتن کە هەریەکەیان لە دیدێکی تایبەتەوە بەڵام لەسەر هەمان رێچکەی فیکری و ئایدۆلۆژی مامەڵەیان لەگەڵ رووداوەکانی وڵاتدا دەکرد ، رێچکەکە پێشتر لەنێو فیلمی رابەرەکانی ئەو سینەمایەدا دارێژرابوو ، بەڵام دواتر فیلمسازانی تر بەهەمان ئەو رەوتەدا رۆیشتنەوە ، ئیدی وەک مۆدێلێک لەفیلم لە سۆڤێتی ئەو رۆژگارەدا ئامادەییان هەبوو . (بە زۆر هۆکار ساڵی ١٩٢٦ بە یەکێک لە گرنگترین خاڵەکانی گەشەو پێگەیشتنی سینەمای سۆڤێت هەژمار دەکرێت ، فیلمی (دایک ) ی پۆدۆفکین ، (دەریاوانانی کەشتی ئۆرۆر) کۆزنچیف و ترۆبرگ ، (دڵرەق یاسا) کولیشیف ، (بۆ پێشەوە سۆڤێت) یان ( بەشی شەشەمی جیهان) ڤێرتۆف  ، (باڵەکانی پەرستگا) یان ( ئیڤانی ترسناک) یۆری تاریک ، ( بەرهەمی خنجیلەی خۆشەویستی) کۆمیدییایەک لەسەر رەوتی مال سنیت وەک سەرەتای ئەلکسەندر دۆڤچینکۆ و (دیسەمبەرییەکان) ئیڤانۆڤسکی) (اومس،٢٠٠٠:١٨) .

ئەو بەرهەمانە ترۆپکی سەرلەنوێ ژیاندنەوەی ئەو جۆرە لە بیرکردنەوەن کە تێدا هونەر وەک دەربازێکی بەهێز بۆ گەیاندنی پەیامی ئایدۆلۆجی ئامادەدەکرێت کە دواتر و لە گۆڕانی خەونی بەدیهێنانی سۆشیالزم بۆ دنیا بە بەدیهێنانی سۆشیالزم لەیەک وڵاتدا ئیدی دابەشبوونەکانی نێو پارتی بەلشەفیک دەستپێدەکات . لەو رۆژگارەدا هەندێک فیلمی تر بەرهەم هاتن کە دەیانەوێت ئەو بیرکردنەوە نوێیە بەخەڵک بگەێنن ، خەڵکێک کە لە وابەستەیی حیزبییەوە نزیکن نەک خۆگرێدان بە بیرکردنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە بۆ رزگارکردنی دنیا ، لەو بەرهەمانە فیلمی (کەوتنی بنەماڵەی ڕامانۆف) بەرهەمی ساڵی (١٩٢٧) ی ژنە دەرهێنەر ئەسفیر شوب کە لەسەر هەندێک وێنەی ئارشیفی تێکەڵا و بە هەندێک دیمەنی لەنوێ بەرهەمهاتوو دروستکرابوو کە لەراژەی شۆرش بن . ئەم فیلمە بەتەواوی پشتی بەستبوو بە تەکنیکەکانی مۆنتاژ و ئەو مانایانەی لەو جۆرە تەکنیکەوە بەرهەم دێن .

هاوکات فیلمی (کۆتایی سان پترسبۆرگ) بەرهەمی ساڵی (١٩٢٧) فیسفۆلد پۆدۆفکین ، کەچیرۆکی جوتیارێکە زەویەکەی بەجێ دەهێڵێت و دەچێت لەکارگەیەک کار بکات ، دوای ئەوەی مانگرتنێک لە کارگەکە روودەدات جوتیارەکە زمان لە کرێکارەکەی هاورێی دەدات کە لەماڵەکەی خۆیدا جێی کردۆتەوە ، ئەم دیدە جیاوازە هەوڵێکە بۆ دەرخستنی گۆڕانی مۆرالی سەردەمی سەرمایەداری . ئەو فیلمە کە تێدا بە ئاشکرا رەنگدانەوەی ئەو گۆڕانکارییە دەبینرێت پشتیوانییەکی بەهێز کراو ، تەنانەت فیلمی (ئۆکتۆبەر) ی ئیزنیشتاین لە مەراسیمی ئاهەنگی تێپەڕبوونی ١٠ ساڵ بەسەر سەرکەوتنی شۆڕشدا بۆ رێزلێنانی فەرمی دووردەخرێتەوە و فیلمەکەی پۆدۆڤکین پێشدەخرێت. لەم قۆناغە نوێیەدا ژمارەیەک فیلمی تریش لەسەر هەمان بنەمای تەکنیکی و ئایدۆلۆجی دروستکران کە دەشێت وەک سەرەتایەک بۆ سەرهەڵدانی ستایلێکی تایبەت لە فیلم ئەژمار بکرێت .

## تەوەری دووەم : سەرهەڵدانی ئایدۆلۆجیا ، شەڕی جەمسەرەکان :

ئایدۆلۆجیا بە پێچەوانەی تیۆری زانستی و فەلسەفییەوە سەرقاڵی کارکردنە بۆ بەدیهێنانی جۆرێک لە پانتایی گشتی تایبەتمەند رێک وەک ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی لە رۆژگاری خۆیدا دەیخوازێت . لەگەڵ ئەوەشدا گوتاری ئایدۆلۆجی ناتوانێت گوتارێکی تەنها بێت بەبێ پاڵپشتی هێزێکی کۆمەڵایەتی کە مامەڵەیەکی راستەوخۆ لەگەڵ کایە ژیارییەکان دەکات . هێزی لایەنی بروا لە ئایدۆلۆجیادا بایەخ بە لایەنی مەعریفە نادات لەگەڵ ئەوەی خودی ئایدۆلۆجیا لەبنەڕەتدا لەسەر بنەمایەکی تیۆری لە نێو گوتارێکی یەکانگیردا دادەرێژرێت. بۆیە قسەکردن لەسەر ئەوەی ئایدۆلۆجیا هۆشیارییەکی ساختەیە رێ لەتوانستی ئەو لەبەرپاکردنی مشت ومڕە ناگرێت و هێشتا وەک هێزێکی گەورە بۆ بزواندنی هەموو وەستاوییەک لێی دەڕوانرێ.

بەدرێژایی مێژووی بیری دنیا ، ئایدۆلۆجیا پێناسی جۆراوجۆری بۆ کراوە و لەنێو کۆنتێکستی جیاوازدا شوناسی جیاوازی دراوەتە پاڵ . لەبنەڕەتدا زاراوەی (Ideology) زاراوەیەکی یۆنانییە لە دوو وشە پێک دێت idea :بەمانای بیرۆکە و ، logosبە مانای زانست یان عەقڵ ، کەواتە وەرگێڕانی زاراوەکە وەک خۆی بە مانای ، زانستی بیرەکان دێت . بۆیەکەمجار بیرمەند و ئابوری ناسی فەرنسی دیترەیسی Detracy ساڵی 1796 ئەم زاراوەیەی بەکارهێناوە بۆ گوزارشتکردن لە بیر و پرۆسەی گەشەسەندن و یاساکانی بیری مرۆیی و ئاماژەکردن بە بیرکردنەوەی کۆمەڵێک فەیلەسوفی فەرەنسی شۆرشگێر بەرێبەرایەتی کۆندیاک کەخۆیان بەخۆیان دەوت ئایدۆلۆجستەکان و رایان وابوو کە عەقڵ پرنسیپێکی میتافیزیکی گەردونی جێگیر نییە ، بەڵکو شێوەیەکە لەشێوەکانی هزر و بەپێی چارەنوسی کۆمەڵەکان دەگۆڕێت . هەڵبەتە ژێدەری ئەوان لەم شێوازە بیرکردنەوەیەدا فەلسەفەی جۆن لۆک بوو. هاوکات لەهەندێک سەرچاوەی تردا وا هاتووە کە (وشەی ئایدۆلۆجیا بۆ هەموو زمانە زیندووەکانی دنیا نامۆیە ، لە ڕووی زمانەوانییەوە و لە رەسەنە فەرەنسییەکەیدا بە مانای ( زانستی بیرەکان ) دێت ، و پاشان ئەڵمانەکان خواستیان و مانای تریان پێ بەخشی ) ( العروي ،٢٠١٢: ٩)

بەڵام لە رۆژگاری دەسەڵاتی ناپلیۆندا ئەو کاتەی دیترەیسی و هەندێکی تر لە بیرمەندان لەدۆخی دەسەڵاتی ئەو رۆژگارە نائومێد بوون و لەدژی سیاسەتەکانی وەستانەوە ، ناپلیۆن بۆ کەمکردنەوە لێیان بە ئایدۆلۆجیستەکان ناوی دەبردن و مەبەستی ئەوە بوو ئەوان هەڵگری بیری وەهمی و نادروستن و لە دنیایەکی خەیاڵی دوور لەراستیدا دەژین . لەو رۆژگارەوە جۆرێک لە وێنە بۆ ئایدۆلۆجیا دروست بوو کە واتایەکی نێگەتیف بگەێنێت ، هەر لەوێشەوە هەندێک لە رەخنەگران وا دەبینین کە کارل مارکس لەژێر کاریگەری ئەو روانینەدا کتێبی ( ئایدۆلۆجیای ئەڵمانی ) نوسیوە.

کارل مانهایم لە کتێبی ئایدۆلۆجیا و یۆتۆبیادا وا پێناسەی دەکات ( ئەو بیرە شێوازانەیە کە چینی دەسەڵاتدار بۆ پاریزگاری کردن لە سستمی کۆمەڵایەتی هەنوکەیی یان پێشتر بڵاوی دەکەنەوە)( مانهایم ،١٩٨٠: ١٣٠ ). ئەمە ئەو دیدەمان پێ دەبەخشێت کە ئایدۆلۆجیا دەتوانێت چ جۆرە چەکێکی دیماگۆجی بێت بە دەست دەسەڵاتدارەوە و چۆن سستمێکی سیاسی کە دەسەڵات بەشێکە لەو دەتوانێت ئەو بوونە لەراژەی خۆی بەکاربهێنێت .

لە دیدی هەندێک لە بیریارانی دنیادا (سەدەی نۆزدە ، بە سەدەی ئایدۆلۆجیا ناودەبرێت ، سەردەمی دووبارە هەڵسەنگاندنەوەی بەهاکان ) (D. Aiken, 1962:23 ) لەو سەردەمەوە ئایدۆلۆجیا مانای جیاوازی وەرگرت ، ئەکین وا دەبینێت کە ئەو سەدەیە بەوە دەناسرێتەوە کە رەخنەو شیکاری رەخنەیی بۆ شێوازی بیرکردنەوە و بابەتەکانی هزر تێیدا زۆربوون و سەرلەنوێ هەڵسەنگاندنەوەی بەهاکان و وێرانکردنی هەڵوێستە هزرییە تەقلیدییەکان و جێگرتنەوەیان بە هەڵوێستی هزری نوێ سیمایەکی دیارییەتی . سەدەیەک بە کانت دەستپێدەکات و بە بیریارانی شۆرشگێری وەک هیگڵ و مارکس وئەنگلز و نیتچە کۆتایی دێت .

ململانێ سیاسییەکانی سەدەی نۆزدە بەشێوەیەک پەرەدەسێنێت کە ئیدی قۆناغێکی نوێ دێتە گۆرێ ، قۆناغێک بەتەنها شەرِی سوپاکان یەکلایی کەرەوە نابن ، بەڵکو جۆرێکی تر لە ململانێ دێتە نێو بەریەککەوتنەکان کە ئایدۆلۆجیا سەرداریێتی . هەڵبەتە سەرەتای دەرکەوتنی ئەم ململانێیە لەرۆژگاری سەرکەوتنی بەلشەفیکەکانەوە لە روسیا مارکسیستەکان بەتێگەیشتن لەهێزی کاریگەرییەکانی ئایدۆلۆجیا زانیان پانتایی بەرەنگارییەکان لەگەڵ خۆرئاوا ، یان بلۆکی سەرمایەداری چۆن بگۆرِن و پەنا بۆ هەموو جۆرە کەرەستەیەک بەرن لەپێناو سەرکەوتنی ئەو پلانە . دوای سەرکەوتنی شۆرِشی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ لینین لەسەردەمی دەسەڵاتی خۆیدا دەیەوێت جۆرێک لەدەسەڵاتی سیاسی دابمەزرێنێت کە سەربکێشێت بۆ فەراهەمبوونی کۆمۆنیزم وەک ئەوەی لەماتەریالیزمی مێژوویدا ئاماژەی بۆ کراوە . بەڵام (دوای مردنی لینین لەساڵی ١٩٢٤ ، جۆزیف ستالین سیاسەتی حکومەتی گۆرِی بۆ سیاسەتی دامەزراندنی سۆسیالیزم لەیەك وڵات ئەو بە داگیرکردنی شۆرِش، دیموکراسیی کرێکاریی رەتکردەوە وکۆی ئۆپۆزسیۆنی لەبەرانبەر حاکمییەتی خۆیدا تەفروتونا کرد) (دۆیل،٢٠١١:٦٧)

هەڵبەتە ئەم قۆناغە لەژیانی سۆڤیتدا کاریگەری لەسەر تەواوی خەڵک و سێکتەرەجیاوازەکانی ژیان هەبوو ، بەشێوەیەک سەرکردەکانی وڵات وایان دەبینی کەلەسەردەمی حکومرانییە خوێناوییەکەیدا ستالین دەسەڵاتێکی پیادەکرد کە هیچ سیزەرێکی روسی یان هیچ دیکتاتۆرێک لەم هەزار ساڵەی دواییدا بەوشێوەیە نەبووە .( لەسەردەمی پەرستنی ستالیندا خۆی سەرداری سیاسەتی ئابووری و سەربازی و دەرەوە و تەنانەت ئەدەب و هونەر و زانست بوو فرمانی بڵند و رێکارە خودییەکانی پێودانگی یەکلاکەرەوەبوون)(دوج ،١٩٧٢: ٤٠). کەواتە سێبەری دیکتاتۆرێکی نوێ بەسەر وڵاتەوە دەکشێ و هەژموونی بیرکردنەوەو خواستەکانی ئەو هەموو پانتاییەکان داگیردەکات . هەر کەسێک لەژێر فرمانی دەربچێت چارەنوسێکی بەد چاوەروانی دەکات (دوای خۆرزگارکردنی لە دوا بەرهەڵستکارەکانی زینوفیف و ترۆتسکی ، ستالین هەندێک بەناو دادگای لە مۆسکۆی پایتەخت دانا تا ببێتە پێشەنگی دادگاکانی تر لە یەکێتی سۆڤیتدا ، ئەو دادگایانە بۆ داپۆشینی لەسێدارەدان و دورخستنەوەکان بوون کە لەدژی نەیارانی ستالین لەژێر چەتری یاسادا ئەنجامدەدران) ( البيضاني ٢٠١٠:٥١)

لێرەوە بۆ تەواوی دنیا روون بوو کە بەرەو روی چ جۆرە سیاسەتێک دەبنەوە و چ تراجیدیایەکی گەورە چاوەروانی چارەنوسی ئەو وڵاتەو تەنانەت هاوسێکانێتی ، ستالین بە هەموو هێزی خۆی لە نەیارەکانی دەدا ، ئەو مافی هاوڵاتیانی پێشێل دەکرد بەبێ سڵکردنەوە لەهیچ لێپرسینەوەیەک ، ئەو (پابەندی بەخشینی مافەکان نەبوو کە دەستوری ساڵی ١٩٣٦ ئاماژەی پێکردبوون ، بەتایبەتی ئازادی بیروباوەرِی ئاینی و ئازادیە گشتی و کەسییەکان ، هاوکات ئازادی سیاسی کۆت و بەند کرابوو جگە لە کۆمۆنیزم و وابەستەبوون بە پرنسیپەکانییەوە ، بەهۆیەوە زۆرینەی توێژەکانی کۆمەڵ لەنێو ئاریشەیەکی قوڵدا بوون بەتایبەتی روناکبیران و ئەدیبان و هونەرمەندان) (كاظم & عبد ،٢٠١٤:٧٤).

هەڵبەتە بەر لەپەیرەوکردنی ئەو جۆرە لەزەبر و زەنگ هەنگاوی تری لەسەر بنەمای رێگەگرتن لەتەشەنەی ئایدۆلۆجیای دژە کۆمۆنیزم دەستپێکردبوو ، چونکە لەخەیاڵدانی ئەودا هەموو بیرکردنەوەیەکی جیاواز مەترسیەکی گەورە بۆسەر گەشەی کۆمۆنیزم دروستدەکات بۆیە (ساڵی ١٩٣٠ هەندێک شانەی ئاینی دەستگیرکران و دینداراکان لە پۆستە گشتییەکان و فەرمانگە حکومەتییەکان دوورخرانەوە، ستالین بڵاوکردنەوەی هەر کتێبێکی ئاینی قەدەغەکرد و نزیکەی سەد و پەنجا فیلم بۆ دژایەتیکردنی ئاین ئامادەکران و لە شارە جیاوازەکانی یەکێتی سۆڤیتدا نمایشکران بەتایبەت لە قوتابخانەو فێرگەکاندا .) (دويشتر،١٩٦٩:٢٨٥)

ئەم دیاردەیە گەشەدەسێنێت و بۆ زۆرکایەی تر دەگوێزرێتەوە ، ئەوەی ئایدۆلۆجیا لەو قۆناغەدا دەیکات ئەو ئەرکە بنچینەیی یە کە لەزۆر کۆمەڵی مرۆییدا دەکەوێتە ئەستۆی . ئەرکی سادەکردنەوەی سەرجەم هزر و بیرکردنەوەکان بەشێوەیەک کە بەتەنها و تاک رەهەند دەربکەون ، ئەو سەرگەرمی شێواندنی واقیعە و لەو رێیەدا پێشێلی زۆر حەقیقەت دەکات و هەندێکیان ئاوەژوو دەکاتەوە ، بەجۆرێک کار لەسەر خەڵکی بەگشتی دەکات یان ئەو کەسانەی بروایان پێیەتی جگە لەخۆی هیچ راستییەکی تر لەدەرەوە نییە . ئالان دۆنۆ لە دۆخێکی نزیک لەوئارگومێنتە باس لە هەژموونی ئایدۆلۆجیا دەکات و دەڵێت (رێنماییە ئایدۆلۆجیەکان پاڵ بەخەڵکەوە دەنێن بۆ وەرگرتنی هەڵوێست بەئاراستەی نێوەندە فیکرییە جیاوازەکان ، بۆیە هانیان دەدات بۆ دروستکردنی رایەکی نوێ یان هەڵگرتنی رایەکی باو ، بە گوزارشتی سیاسی دیار لەمیانەی گفتوگۆ یان نوسین ، خۆپیشاندان ، مانگرتن ، نارەزایی (دونو ،٢٠٢٠ : ٢٧ ). کەواتە لەو رۆژگارەوە بۆ ئێستا سستمی سیاسی یان وردتر دەسەڵاتی سیاسی بەبەردەوام چەکێکی کاریگەر و بە هەژموونی هەیە بۆ مەیل پەیداکردنی خەڵک ، ئایدۆلۆجیا و هێزو زەبرەکانی دەتوانن رای گشتی بەرەو هەر ئاراستەیەک ببەن کە دەیانەوێت . ئەمە ئەو بنەما گرنگەیە کە ستالین و دەسەڵاتی ئەو رۆژگارە دەیانەوێت سینەما وەک هونەرێکی جەماوەری لەپێناویدا بەکاربەرن .

## بەشی سێیەم : سینەما و گۆرانکارییەکانی دوای شۆرِش

### تەوەری یەکەم : سینەما و فۆرمەکانی شۆرِش :

سینەماکارەکانی شۆرِش کە خۆیان بەهەڵگری پرنسیپ و هزری مارکسیستیانەی شۆرِش دەزانی و لە ژێر کاریگەری هەژموونی ئایدۆلۆجیانەی بەلشەفیکدا فیلمیان کردە فاکتەرێک بۆ داکۆکیکردن لە پرنسیپ و باوەرِەکانی شۆرِش و ئاراستەکردنی جەماوەر و هۆشیارکردنەوەیان لە راژەی خواستەکانی شۆرِش کە دواتر دەگۆرِێتە دەسەڵاتی سیاسیی سۆڤێت. لێرەوە سینەما لە هۆکارێک بۆ کردنەوەی دەرگاکانی ئازادی زیاتر دەگۆرِێت بۆ هۆکارێک لەپێناو ئایدۆلۆجیادا . هەر لەو سۆنگەیەوە ئەو هەوڵەی لینین لە پای سینەمادا دای و لەژێر هەژموونی وتەزا بەنێوبانگەکەیدا سینەما خۆماڵی کراو لە بەرەکانی جەنگی نێوخۆی وڵاتدا وێنەگرەسینەماییەکانی هاندا کە رومانی پرۆسە جەنگییەکان بکەن و بەخێرایی ئەو دیمەنانە بۆ جەنگاوەرەکان نمایش بکەن .

فیلم لە ڕاژەی ئامادەکردنی گەلدا بوو بۆ هەر دۆخێک ،ئەو فیلمە هەواڵیانەی دەربارەی جەنگ بەرهەم دەهاتن  سەرەکی بوون لەبەر ئەوەی پێداویستی سەردەمەکە بوون . ئامادەبوونی فیلمە هەواڵی و دۆکیومێنتەرییەکان کە بەر لە داهاتنی تەلەفزیۆن  ئەوان فاکتەری گەیاندنی هەواڵ بوون هاوشانی ڕۆژنامەی چاپکراو بووە هۆی ئەوەی بایەخێکی گەورەیان پێ بدرێت و زیاتر لە فۆرمەکانی تر دەربکەون.

پاولۆ پازۆلینی دەرهێنەر مەزنی ئیتالی کە مەیلێکی چەپانەی هەبوو لەوەی دەپرسی ئایا پێویستە هونەر لەراژەی بنیاتنانی سۆشیالیزمدا بەکاربێت ، یان سۆشیالیزم بەرپا بێت تا خەڵک ئازاد بێت و خۆیان بتوانن هونەر بەرهەم بهێنن . پازۆلینی لەگەڵ ڕەوتی دووەمدا کۆک بوو ، ئەو وای دەبینی ئەرکی سۆشیالیزم فەراهەمکردنی ئازادییە تا هونەر لەسایەیدا گەشە بکات ، نەک هونەر وتەواوی چالاکییە کەلتوورییەکان بۆ بنیاتنانی سۆشیالیزم تەرخان بن . بەڵام دەسەڵاتدارانی سۆڤێت لەگەڵ بژاردەی  بنیاتنانی سۆشیالیزمدا بوون ئیدی هۆکارەکە هەرچی بێت و هەمیشە کاریان لەسەر ئەوە دەکرد  کە هونەر وەک فاکتەرێک بۆ بانگەشەی پرۆژە ئایدۆلۆجیەکان بەکاربێت بەخواستی بنیاتنانی جۆرێک لە پەیوەندی لەگەڵ هەواداران یان نەیارانی ڕەوتی سۆشیالیستی . ئەوان لە توانستی سینەما بۆ کاریگەریی لەسەر زەینی هەمووان دڵنیا بوون و دەیانزانی چ سیحرێک لەم هونەرەدایە و چۆن دەتوانێت برِوای هەوادار پتەوتر بکات و برِوای نەیاریش بخاتە ژێر هەژموونی گۆڕانکارییەوە .

سێرجی ئیزنیشتاین یەکێک لەدیارترین ناوەکانی ئەو سەردەمەی سینەمای سۆڤێتیەو بەهەموو هێزی خۆی لەراژەی ئەو دنیایە کاردەکات کە وا دەبینێت سەردەمەکە سەردەمی هۆشیارکردنەوە شۆڕشگێڕیانەی پرۆلیتاریایە . بەشێوەیەک ئەو بیرکردنەوەیە بەدروست دەزانێت ئەوەتا دەڵێت (ئەوە ئێمە نین سینەماکەمان دروست دەکەین بەڵکو زەمەنی شۆڕشگێڕیە کە دروستی دەکات و دروستمان دەکات )( Eisenstein,1995:21) لێرەوە سینەماکاران بەوەدەگەن  کە پەیوەندی نێوان سینەما و ئایدۆلۆجیا پەیوەندییەکی ئاڵۆگۆڕییە ، و هەریەکەیان خزمەت بەوی تر دەکەن ، بەوشێوەیە سینەما لەو سەردەمەدا دەبێت هەڵگری ئایدۆلۆجیا .  ئیزنیشتاین بۆ پشتیوانیکردن لەم بیرکردنەوەیەی خۆی دەستی بەکارکردن کرد و سەرلەنوێ بەرهەمێهێنانەوەی دۆخی شۆڕش بووە یەکێک لەگرنگترین بەرهەمەکانی لەو ڕۆژگارەدا بۆ داکۆکیکردن لە سۆشیالیزم و سەرکەوتنی پرۆلیتاریا بەرهەم هێنا .

ڕێبەرانی  شۆڕشی بەلشەفی و خۆیان و بیرکردنەوە شۆڕشگێڕییەکەیان کەوتبوونە بەردەم ئاڵنگارییەکی مەزن ، ئەوان دەبوو فەرمانڕەوایی وڵاتێکی فرە ڕەگەز و فرە نەتەوەبکەن کە لەسەردەمی حوکمی قەیسەردا نغرۆی هەژاری و نەزانین بووە ، بۆیە لەهەموو بارێکدا  پێویستیان بە نێوەندێکە لە گەیاندنی بیرکردنەوەی سۆشیالیستی و لێکدانەوەی شۆڕش و گرنگییەکانیدا کۆمەکیان بکات. بۆیە سینەما بۆ ئەوان جۆرێک لەچارەسەری ئەفسوونیە لەرۆژگارێکدا هیچ جۆرە نێوەندێکی تری پەیوەندی لەئارادا نییە . لێرەوە ئەو بەرنامەی هۆشیارییەیان بە کۆمەکی سینەما دەستپێکرد و وەک گرنگترین هۆکار خستیانە پێشەوەی بایەخەکانی خۆیان و بە کۆمەکی وەزارەتی فێرکردن هەندێک فیلمیان بەرهەمهێنا کە بەلایەک خۆشنودیان دەهێنا و لەلایەکی تریشەوە ئامانجەکانی دەوڵەتیان دەخستە زەینی خەڵکەوە ، ئەم پرۆسەیە بۆ ناوچە دوورە دەستەکان گەلێک بەسوود بوو.

سەرەتاکانی شۆڕش ژیانی خەڵک لەوپەڕی نەداریدا دەگوزەرا ، بۆیە دەبوو فاکتەرێک بۆ قایلکردنی خەڵک بەوشێوازە لەژیان بدۆزرێتەوە  کە بەرگەگرتنی گەلێک زەحمەتە ، بۆیە دەبوو چەمکەکانی شۆڕش و ئازادی و سوشیالیزم وەک چەمکی وابەستەی ژیان بەخەڵک بناسێنرێت . بەوپێیە سینەمای سۆڤێتی لەسەردەمی قاتیدا بەرەو ئەو ستایڵە لە فیلم چوو کە هەستی گەشبینی و ئارامی بەرهەم دەهێنێت و بینەر لە هەستی نێگەتیف دوور دەخاتە .جگە لەوە فیلمی بایۆگرافی دەربارەی کاراکتەرە سەربازییەکانی مێژووی وڵات بۆ فەراهەمبوونی جۆرێک لە هۆشیاری تاک بەرهەم دەهات .

لە دەساڵی یەکەمی شۆڕشدا هەموو یاساکانی سانسۆر و قۆرغکردن وەلانرابوون و پانتاییەک بۆ جۆرێک لەکرانەوەی فیکری هێشتا لەئارادابوو ، ئەو ڕۆژگارە دەشێت وەک ڕۆژگاری زێڕینی سینەمای سۆڤێت تەماشا بکرێت . ستایڵێک لەبەرهەم پێشکەش دەکرا ، کە جگە لەسروشتە شۆڕشگێڕییەکەیان ، دۆخی ئەفراندن و دۆزینەوەی نوێی تێدا بەئاشکرا بەدی دەکرا .( خەمڵینی ئایدۆلۆجی و ئیستاتیکی کە لە نێوان ساڵانی ١٩٢٣-١٩٢٤ گەیشتە ترۆپک پەیوەندی بە  شێوەی کۆتایی دامەزراندنی هەندێک تایبەتمەندی شێوازی سۆڤێتییەوە هەبوو کە جۆراوجۆرییەکی مەزن و  ئازادییەکی زۆر لە دەنگەجیاوازەکاند ا ، بوێری و داهێنان  سیمای بوون) ( اومس،٢٠٠٠:١٦). ئەم فۆرمە لەکارکردن لەساڵی ١٩٢٤ بە فیلمی ( مانگرتن) ی ئیزنیشتاین هەنگاوەکانی خۆی دەستپێکرد کە لەچیرۆک و تەکنیکی بەرهەمهێناندا جۆرێک لە ئەفراندن جێگیرکرابوو ، لەچیرۆکدا کرێکاران وەک پاڵەوانی کۆمەڵ دەرکەوتن و لەتەکنیکیشدا سەرەتاکانی کارکردنی مۆنتاژ و بەتایبەت مۆنتاژی هزری دەستی پێکرد . دواتر و بەئەزموونی (کەشتی جەنگی پۆدەمکین) ساڵی ١٩٢٥ ئیزنیشتاین هەنگاوی مەزنتری لەراژەی بیری شۆڕشگێڕی لەلایەک و جێگیرکردنی بنەماکانی مۆنتاژی هزری نا و ساڵی ١٩٢٧ لەفیلمی ئۆکتۆبەردا کە بەبۆنەی تێپەڕبوونی  دەساڵ بەسەر سەرکەوتنی شۆڕشدا بەرهەمهاتبوو مژدەی دنیاییەکی پڕ لەخۆشنودی بنیاتنراو لەسەر سۆشیالیزمێکی ڕاستەقینە ڕاگەیاند.

ڤێرتۆف کۆمەکی ئەم هەنگاوانەی دەکرد بە پرۆژەی ( کینۆ ئای) و ڕۆژنامە سینەماییەکان . بەڵام هەموو ئەمانە لە هاتنە سەرکاری جۆزێف ستالینەوە دەگۆڕرێت و تایپێکی تر لە فیلم کە دەبوو سادە و ساکار و دوور لەبیرکردنەوەی ئاڤانگاردی بێت پەسەندە و هەر هەنگاوێک دوور لەو بیرکردنەوەیە ڕەت دەکرایەوە . هەرچەندە (دوای حەوت ساڵ لە شۆڕش، بانگەشەخوازەکانی سۆڤیەت دەستیان کرد باسی  ئەوەی کەشتێک نییە بەناوی  سینەمای نوێی سۆڤیەت ، و داوایان کرد کە پارتی بەلشەڤیک ڕێوشوێنی یەکلاکەرەوە

سەبارەت بە سیاسەتی پاڵپشتی دارایی فیلمسازی و باجدان لەسەر سینەماکان بگرێتەبەر)( Bulgakova,2012:9 ) بەڵام هێشتا فیلمسازان دەستبەرداری خەونی بەدیهێنانی سینەمایەکی جیاواز نەبوون .

## تەوەری دووەم : سەردەمی گۆڕانکارییەکان

پاش مەرگی لینین بەتەواوی بارودۆخی سیاسی وڵات لەگۆڕانکاری سیاسی مەترسیدار نزیک دەبووەوە ئیدی مامەڵەکردنی هونەر لەگەڵ واقیعی ئەو رۆژگارەدا سانا نەبوو . (ساڵی ١٩٢٧ و ١٩٢٨ ململانێ سیاسییەکان تەقینەوە ، سەرکەوتنی ستالین بۆ لوتکەی دەسەڵاتی دیکتاتۆری هاوکاتی پاکتاوکردنی جۆرەکانی ئۆپۆزسیۆنی ناوخۆیی نێو حیزبی بەلشەفیک بوو و دۆگمایی ئایدۆلۆجی هەوڵی دا کە تەواوی داهێنانی هونەری لەنێو ئەو هێڵەدا قەتیس بکات کە دەسەڵات بڕیاری لێ داوە .) (اومس،٢٠٠٠،٢٠). لەگەڵ ئەوەی هەندێک کاری تر لەدەرەوەی ئەو هێڵە دەکران و هێشتا بوارێک مابوو بۆ گوزارشتکردن لەوەی لە نێو دەروونی داهێنەرەکاندان ، بەڵام دۆخی وڵات لەمەترسی زیاتر نزیک دەبێتەوە . تارمایی مەینەتییەکی گەورە باڵ بەسەر یەکێتی سۆڤێتدا دەکێشێت و ترس و تۆقاندن جێگەی ئەو پانتایی ئازادییەی سەردەمی لینین دەگرێتەوە ( ساڵی ١٩٣٤ ستالین دەستیکرد بە سیاسەتی پاکتاوکردنێکی خوێناوی و بە تیرۆرکردنی دیمتری کیرۆف ی یاریدەدەری خۆی دەستپێکرد ، و بریکارەکانی ستالین دەستیانکرد بە سەندنەوەی زەوی و نان لە جوتیاران و لەسێدارەدانی ئەوانەی بەرەنگاریان دەکرد) (بوند،١٩٨٨ : ١٨٧). ئەم دۆخە ئیدی جێگیر دەبێت و هەژموونی دەسەڵاتی سیاسی بەسەر تەواوی کایەکاندا بەشێوەیەک پەخش دەبێت رێگە بەهیچ جۆرە لادانێک لەو هێڵە فیکری و سیاسییە نادات کە دەسەڵات و بەتایبەتی خودی ستالین پەسەندی دەکات .

لەگەڵ ئەوەی خودی سانسۆر وەک سستم لە پێش سەرهەڵدانی شۆڕشەو لەئارادا بوو ، بەڵام کرانەوەکانی سەردەمی شۆڕش هەناسەیەکی ئازادانەتری بە دنیای داهێنان بەخشی بوو .چونکە لەو رۆژگارانەدا تێزە جیاوازەکانی لینین لەلایەک کاری دەکرد کە لەو بڕوایەدا بوو (گەر نان کار بۆ تێرکردنی جەستە دەکات ، دەبێت فیلم و هونەری شانۆ ببنە خۆراکی رۆح ، لەبەرئەوەی خەڵک مافی بوونی فۆرمێکی هونەری هەیە ،و جەوهەری ئەو کارە گەرانی بەردەوامە بەشوێن حەقیقەت و جوانیدا) (Alfaro,2000:16). لەلایەکی ترەوە ترۆتسکی بەشداری ئەم ئارگومێنتە دەکات و لەگەڵ لینین هاوڕایەو وا دەبینێت کە (گرنگترین چەک لەم بوارەدا - لەڕووی هۆکارەکانی خۆشنوودی و فێرکاری کۆمەڵییەوە- چەکێکە کە بەسەر هەموو ئەوانی تردا زاڵە ، لەم کاتەدا سینەمایە .ئەم ئەفراندنە سەرنجبەرە بەخێراییەکی زۆرسەرکەوتوو هاتە نێو ژیانی مرۆڤەوە کە ئەزموونی هاوشێوەی لە رابردوودا نییە)(Trotsky :1998:32). ئەوانە دیدی سەرکردەکانی سەرەتای شۆڕشن ، ئەوانەی دەیانەوێت دەوڵەت لەسەر بنەمای ئازادی دابمەزرێت لەگەڵ پابەندبوون بەو چەمکانەی دەتوانێت پارێزگاری لەبەرەوپێشچوونی هۆشیاری پرۆلیتاریا بکات بۆ گەیشتن بە دواقۆناغەکانی گۆڕانی کۆمەڵایتی کە کۆمۆنیزمە . بەڵام لەم بارە نوێیەی دەسەڵاتی سیاسیدا و لەدیارنەمانی ئەم شێوازی بیرکردنەوەیدا پێچەوانەکەی دەکەوێتە کار . واتە سینەما بەو هێزەوە بۆ مەبەستی ئایدۆلۆجی و سیاسی بەکاردەهێنرێت ، بۆیە هەموو شتێک لەدەرەوەی ئەو خواستە سانسۆر دەکرێت و بیرۆکراسی بەجۆرێک هەژموونی دەگەرێت ئیدی سنوور بۆ ئازادییەکانی هونەرمەند دادەنێت .

لەگەشەی زیاتری یەکێتی سۆڤێتدا و لەژێر هەژموونی ئەو شێوازی بەرێوەبردنە سیاسییەدا ، هێدی هێدی فۆرمێک لەنێو ئەدەب و هونەردا سەری هەڵدا بەنێوی ریالیزمی سۆشیالیزم و بووە بنەمایەک بۆ مامەڵەکردنی نوسەران و هونەرمەندان لەگەڵ واقیعی کۆمەڵایەتیدا . ریالیزمی سۆشیالیستی لە سینەمادا لەو نێوەندەدا دەرکەوت و هەوڵەکانی سینەماکارانی سۆڤێت بۆ کارکردن لەژێر ئەو دروشم و ستایلانەدا سیماکانی بەدەرکەوت (باشترین نموونە فیلمی Chapaev ی جۆرجی و سێرجی فاسیلیف ساڵی ١٩٣٤ ە کە چیرۆکی راستەقینەی پاڵەوانێکی پێشتری سوپای سورە . ئەو فیلمە سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەستهێنا و بەخێرایی بووە هێمای سینەمای روسی نوێ )( طبارة , ٢٠١٩ ). هاوکات لەگەڵ ئەوەدا خودی دەوڵەت بەبەردەوام سەرقاڵی ئەوە بوو کە سینەما لەو چوارچێوەیەدا کاربکات کە چەمکەکانی شۆڕش لە دیدی دەوڵەتەوە بگوێزێتەوە ، ئەم هەوڵە (ئامانج لێی نیشاندانی ئەوەیە کە چۆن بەلشەفییەکان هەوڵیاندا سینەمایەک دروست بکەن کە خزمەت بە ئامانجەکانیان بکات نەک بەدواداچوون بۆ پێشوازیکردن لە فیلم لە نێو جەماوەردا یان رۆڵی فیلمەکەی لە ژیانی رۆژانەیاندا)( Miller, 2010:5)

ناوە دیارەکانی نێو سینەمای سۆڤێتی ئەو رۆژگارە کە ئیدی لە دەرەوەی سۆڤێتیش وەک ئایکۆنی هونەری تەماشا دەکران نموونەی ئێزنیشتاین و ڤێرتۆف لەگەڵ ئەو رەوتەدا دەڕۆیشتن تەنانەت ئارگومێنتێکی بەهێز لەنێوانیان هەبوو دەربەرەی ئەوەی کامیان دیالیکتیانەتر مامەڵە لەگەڵ سینەما وەک نێوەندێکی هەستیاری پەیوەندی لەگەڵ جەماوەر دەکات . سینەمای سەردەمی ریالیزمی سۆشیالزم فۆرم و ستایلێکی دیاری نییە و لەوە ناگەرێت کە پێشتر سینەمای شۆڕش دەیسەلماند ، سەردەمێک لەگۆڕێیە کە بیرۆکراسی سەرداریتی ( بیرۆکراسی شۆڕش رەتدەکاتەوە. حەزی لە هونەری شۆڕشگێڕانە نییە، بەڵکو هونەرێکی سادە دەخوازێت ، کە رەنگدانەوەی تێڕوانینی تەسکی خۆیەتی. ئەگەر پێشتر زۆرێک لە هونەرمەندان بەهرەکانیان لە خزمەتی شۆڕشدا بەکارهێنابێت، ئێستا بیرۆکراسی ئەوەیان بەسەردا دەسەپێنێت کە دەبێت بیڵێن.) (Márquez:2022).

ئەم دۆخە بۆ هونەرمەندانی پێشڕەو کەمێک سەخت بوو ، بۆیە ئێزنیشتاین بۆ دەرباز بوون لەو تەوقە وڵاتی جێهێشت و رووی لە ئەوروپا کرد ، ئەوەی جێی سەرنجە لەوێ بە دیدی دەرهێنەرێکی کۆمۆنیستی لێیان دەڕوانی و هیچ بەرهەمهێنەرێک ئامادە نەبوو بودجە بۆ کارێکی تەرخان بکات ، بۆیە جگە لە بەرهەمهێنانی فیلمی کورت هیچ دەرفەتێکی تری بۆ نەڕەخسا . هاوکات لەگەڵ ئەوەدا و لەتەشەنەی دۆخی بیرۆکراسیانەی سۆڤێتدا و کاتێک ئێزنیشتاین ساڵی ١٩٣٢ گەرایەوە بۆ سۆڤێت هێشتا سینەمای ئەو وڵاتە لە قۆناغی شکۆدا بوو ، ژەنەراڵێکی

کۆنی سوپای سوور بە ناوی ئەلێکساندەر مێدڤکین ویستی دەستبەرداری کارە سەربازییەکەی بێت بۆ ئەوەی فیلم دروست بکات. کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیست ڕەزامەندی دەربڕی و پشتیوانی ئەو هەنگاوە بوون ، بەڵام دواتر مێدڤکین لەژێر کۆنترۆل دەرچوو فۆرمێکی جیاوازی لە فیلم بەرهەم هێنا کە دەقاو دەق لەگەڵ خواستی دەسەڵاتی سیاسیدا یەک نەبوو ، (مێدڤدکین وگروپە هونەرییەکەی بە دروشمی "ئەمڕۆ فیلم بگرە، سبەی نمایشی بکە" چوونە نێو خەڵک . ئەوان چوونە ناو کارگەکان بۆ ئەوەی شایەتحاڵی و ئەو پرسە ڕاستەقینەیانە بن کە کاریگەرییان لەسەر خەڵکی کرێکار هەیە و تۆماریان بکەن). (2022:Márquez).

ناوەرۆکی ئەو فیلمانە کە پاڵەوانەکانیان خودی کرێکاران بوون بۆ ڕەخنەکردنی بیرۆکراتە ستالینییەکان بوون کە مێدێڤکین بە شەیتانە بچووکەکان ناوی دەبردن ، ئەوانەی ژیانی کرێکارەکان و خواردن و حەوانەوەیان بۆ گرنگ نەبوو. لەڕاستیدا ئەم ستایلە لە ڕەخنەی ڕاستەوخۆ کاری خۆی کرد و ئەو جۆرە لە کارمەند لەنێوەندەکانی بڕیار لە کارگەکان دوورخرانەوە . ئەو گروپە هونەرییە خۆیان بە بەڵشەفی ڕاستەقینە دەزانی و دەیانویست بنەما ڕەسەنەکانی شۆڕش زیندوو بکەنەوە و بەهەموو شێوەیەک بەگژ ئەو دۆخەدا بچنەوە کە بیرۆکراسی ستالینی دروستی کردبوو ، چونکە ئەوانیش وەک زۆرێک لە بیریارانی چەپ پێیان وابوو کە سروشتی شۆڕش گۆڕراوە ،هەمان ئەو دیدەی ئێریک فرۆم دەخاتە سەر ئەو باوەڕەی بڵێت (سۆشیالیزم و کۆمۆنیزم بەخێرایی گۆڕران لە بزاوتێکەوە کە ئامانجی دامەزراندنی کۆمەڵێکی نوێ و مرۆڤی نوێ یە بۆ بزاوتێک کە ئامانجی باڵای بەدیهێنانی ژیانێکی بۆرجوازیانەیە بۆ گشت و وایکرد بورجوازی جیهانی ببێتە مرۆڤی ئایندە ، ئەو بڕوایەش پەخش بوو کە سامان و خۆشگوزەرانی خۆشبەختی بۆ هەمووان فەراهەم دەکات)( فروم ،١٩٨٩:١٦) ، بۆیە بەڵشەفیکی ڕاستەقینە ، ئەوەی بە ئەرکی خۆی دەزانی کە بەرەورووی ئەو جۆرە لە بیرۆکراسی ببێتەوە کە سۆشیالیزمی بەرەو ئەو هەڵدێرە دەبرد و ئەم گروپەش لەو سۆنگەیەوە کاریان دەکرد. بەڵام ئەو هەموو دڵسۆزییە بۆ سەرەتاکانی شۆڕش و بیری کۆمۆنیزم لە تیرۆر و زیندان نەیپاراستن و توشی جۆرە جیاوازەکانی توندی تیژی بوونەوە .

دوابەدوای کارەکانی ئەو گروپە فیلمسازانی پێشەنگیش خواستی گەرانەوە بۆ سەرەتاکانی شۆڕش کەمەندکێشی کردبوون و لە هەوڵی بە مەزنی پیشاندانەوەی ئەو ڕوداوانە بوون کە بەڕای ئەوان مێژووی ڕاستەقینەی سۆڤێت لەو ڕۆژگارەدا بنیاتنراوە (ئێزنیشتاین ساڵی ١٩٤٤ سەرلەنوێ مێژووی ڕوسیای بە سەرکەوتنێکی میللی مەزنەوە دووبارەکردەوە لە فیلمی ئیڤانی ترسناک، سینەمای ڕوسیا بەوشێوەیە بەردەوام بوو ، ستایلێکی سینەمایی توند و پلان بۆ دانراو ، ڕێگە بەهیچ جۆرە جیاوازییەک نادات لانی کەم تا دەرکەوتنی دەرهێنەر ئەندرێ تارکۆڤسکی ) ( طبارة ، ٢٠١٩). زەبری دەسەڵات هێدی هێدی توندتر دەبوو ، بەشێوەیەک تەنانەت ئەو پێشەنگانەی سەرەتای شۆڕش نموونەی خەڵکانی پابەند بوون لەو قۆناغەدا کەوتنە بەدەرم هەرەشەی زیاتر ، ستالین خۆی جۆرێک لە دڵبەندی بۆ سینەما هەبوو ، بۆیە تەماشای زۆرینەی فیلمەکانی دەکرد و کاتێک ئێزنیشتاین لە کۆتا فیلمەکانیدا نۆستالجیای بۆ سەردەمی پێش ئەو دەیبردەوە ستالین ئەو بەرهەمانەی وەک ڕەخنە لەخۆی هەژمار دەکرد بۆیە کاتێک بەشی دووەمی ئیڤانی ترسناک نمایش دەکرێت ، و ستالین دەیبینێت ئێزنیشتاین بەهۆی ترسی لە زەبر و زەنگی دەسەڵاتی سیاسی نیگەرانییەکی زۆر دایدەگرێت و بەو هۆیەوە توشی جەڵدەی دڵ دەبێت و پاش ماوەیەک مانەوە لە نەخۆشخانە ژیانئاوایی دەکات . لەو کاتەنەی لە نەخۆشخانەیە لە تیانوسی بیرەوەرییەکانیدا دەنوسێت (بەڵام ڕەسەنایەتی سینەماکەمان تەنها لە فۆرم و پانتایی و میتۆدەکەیدا نییە. فۆرم، مەودا و شێواز- ئەمانە تەنیا دەرئەنجامی تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی سینەماکەمانن. میدیایەکی ئاشتیخوازانە نییە: هێزێکی شەڕکەرە. سینەمای ئێمە چەکێکە، پێش هەموو شتێک، کە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئایدۆلۆژیای دوژمنکارانە بەکاردێت ؛ ولە بنچینەدا ئامرازێکە کە ئەرکی سەرەکی بەجێهێشتنی کاریگەری و سەرلەنوێ دروستکردنەوەیە)( Eisenstein:1995:25) . لەم وتەزایەوە تەواو لەوە تێدەگەین کە ژیانی سەردەمی ستالین چ جۆرە دۆخێک بووە و چ جۆرە تۆقین و زەبرێک لە دژ هونەرمەندان و نوسەران و ڕواناکبیران بەگشتی هەبووە و بە چ شێوازێک وتەزا بەنێو بانگەکەی لینین بۆ مەرامی ئایدۆلۆجی و حیزبی لێکدراوەتەوە و چۆن دەسەڵاتی بیرۆکراسی خۆی و مەرامەکانی لەبن چەتری ئەو وتەزایانەدا دەشارێتەوە .

## تەوەری سێیەم : کۆتایی خەونە شیرینەکە :

ساڵی ١٩٥٣ جۆزیف ستالین ، سەرکردە توند و سەرکوتکەرەکەی سۆڤێت مرد و ئیدی سەرکردەکانی حیزبی کۆمۆنیست بیریان لە جۆرێک لە سیاسەتی جیاوازکردەوە و خۆیان بۆ قۆناغێکی تر ئامادەکرد. ساڵی ١٩٥٦ کۆنگرەی بیستەمی حیزب بەستراو تێدا بە ئاشکرا ئەو گۆرانە باسکراو ئیدی دەوڵەت و حیزب دەستبەرداری دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بوون و چیدی سەرمایەداری وەک مەترسیەکی گەورە تەماشا نەدەکرا و گوتاری گۆرانکاری شۆڕشگێری بۆ گۆڕانکاری ئاشتیانە و دژایەتیکردنی هەڵەی ستالین لە جەختکردنەوە لەسەر بوونی خەباتی چینایەتی و چڕبوونەوەی لە سیستەمی سۆسیالیستیدا، ولەبەرکۆتایی هاتنی قۆناغەکە و نەمانی دژایەتی لەناو کۆمەڵگەی سۆشیالیستیدا ئیدی پێویستی بوونی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا، کە ئەرکی نەهێشتنی پاشماوەی خەباتی چینایەتی بوو دژی سەرمایەداری کۆتایی هات . بۆیە دەوڵەتی سۆڤیەت لە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریاوە گۆڕا بۆ دەوڵەتی هەموو گەل، هاوکات چەمکی بوونی حیزبی چینی کرێکار لەگەڵ سەرکەوتنی سۆسیالیزمدا نەما، بۆیە حیزب بووەتە حیزبی خەڵک بە گشتی. ئەم گۆڕانکاریە کە بە گشتی دژی سەردەمی ستالین بوولە کۆنگرەی بیستدا بە وتاری خرۆشوف بەتەواوی دەرکەوت کە تێیدا هێرشێکی زۆری کردە سەر ستالین و بە خوێن ڕێژ و نەزان وەسفی کرد .

لەم ڕۆژگارەوە و بۆ ماوەیەکی کاتی سینەما (لەژێر هەژموونی دەسەڵاتی سیاسی و دروشمە خۆسەپێنەکانی (ڕیالیزمی سۆشیالیستی) دەربازی بوو کە پێشتر ستالین بە زەبر سەپاندبوونی) (بشارة ،١٩٩٦) . بەگشتی هونەرمەندان و نوسەران لەو جوغزە تەسک و میکانیکییە هاتنە دەرێ و ئیدی بەشوێن فۆرم و شێوازی جیاوازی گوزارشتدا دەگەڕان کە لەگەڵ ئاریشەکانی مرۆڤ و پێداویستییەکانی سەردەمەکەدا بگونجێت . ئەم

قۆناغە بووە هۆی ئاشنا بوونی دنیا بە ژمارەیەک فیلم کە لە رووی فۆرم و ناوەڕۆکە و جیاواز وگەشەکردووبوون ، نموونەی ( گوڵڵەی چل و یەکەم) گریگۆری چۆخرای و فیلمە بەناوبەنگەکەی میکائیل کالاتۆزۆف بە نێوی ( The Cranes are Flying) کە ساڵی ١٩٥٧ دروستکراوە و ساڵی ١٩٥٨ وەک یەکەم فیلمی سۆڤێتی بووە براوەی چلەخورمای ئالتونی لە فێستڤاڵی کان . ئەم بەرهەمە بە گونجاوترین شێوە گوزارشتی لە قۆناغی کرانەوە دەکرد و هیچ سڵی لەو جۆرە تۆمەتانە نەکردوە کە دژی دەوتران سەبارەت بە دەرچوون لە قاڵبکارییەکانی ریالیزمی سۆشیالیستی و ڕۆچوونە نێو لایەنی دەروونی و رۆحی مرۆڤەکان . (لەم سەردەمی کرانەوەیەی روسیادا نەوەیەک لە سینەماکارە دیارەکان دەرکەوتن لە دیارترینیان دەرهێنەری کۆچکردوو تارکۆڤسکی یە و لەگەڵ ئەودا رستێک هونەرمەندی مەزن دەرکەوتن نموونەی جیۆرجی دانییلا وکلیب بانفیلۆف وکلیم ئەلیمۆف و ئۆتار ئەیۆسیلانی و ئەندێ میخائیلیکۆف و برایانی کۆنچالۆڤسکی و سێرگی بارادجانۆڤ کە ئەویش خاوەنی شێوازێکی نزیک لە قوتابخانەی تاکێتی بوو)(بشارة ،١٩٩٦)

وەک ئاماژەی پێکراوە ، یەکێک لە دیارترین دەرهێنەرەکانی ئەم قۆناغی کرانەوەیە (ئەندرێ تارکۆڤسکی) یە کە بەدیدی و ستایڵێکی جیاوازەوە دەرکەوت بەشێوەیەک تایبەتمەندی خودی خۆی لەنێو بەرهەمەکانیدا چاند . ستایڵی کارکردنی تارکۆڤسکی لەلای هەندێک لەرەخنەگران بە سینەمای خودی شاعیری ناودەبرێت و هەندێکی دی دەیباتە نێو ترانسێندێنتاڵ سینەما . تارکۆڤسکی لەسەر دەستی میخائیل روم سینەما دەخوێنێت و دەبێت بە نوێنەری راستەقینەی ئەو نەوەیەی دەیەوێت سینەما لەو کۆت بەندە ئایدۆلۆجییە رزگار بکات و دەرفەتێک بدات بە دەرکەوتنی مرۆڤبوون لە دەرەوەی ئەو چوارچێوانەی دەسەڵاتی سیاسی بۆ دادەڕێژن . (ئەو بەشدارییە مەزنەی تارکۆڤسکی بە سینەمای مۆدێرنی بەخشی ئەو دەنگە ناوەکییە بوو ، ئەو رامانە رۆحیەی کە لەنێو ئەو ژیانەدا دەیچاند و بەسۆزێکی زۆرەوە لە فیلمەکانیدا نمایشی دەکرد)( عبدالسلام ،٢٠٢٢) ئەم فۆرمە لە کارکردن لە زۆرینەی بەرهەمەکانیدا رەنگ دەداتەوە بۆیە بەسانایی بەڕێوەبردنی ڕەوتێکی لەو شێوەیەی بۆ ناچێتە سەر و توشی دژایەتی زۆر دەبێتەوە .

دوای دەرچوونی لە خوێندن ساڵی ١٩٦٠ تارکۆڤسکی چووە ستۆدیۆکانی موسفیلم لە مۆسکۆ بۆ کارکردن و وەک یاریدەدەری دەرهێنەر کاری لەگەڵ زۆرێک لە دەرهێنەرەکان کرد ، پاشان ساڵی ١٩٦٢ یەکەم فیلمی خۆی بەناو (منداڵی ئیڤان) دروست کرد کە لەچیرۆکێکی فلادیمێر بۆگۆمۆلۆف وەرگیرابوو . ئەم فیلمە بووە براوەی خەڵاتی شێری زێڕین لە فێستڤاڵی ڤینیس و لەسەر ئاستی دنیا وەک شاکارێکی سینەمایی جیاواز لەوەی لە سۆڤێتدا پێشکەش دەکرا هەڵسەنگێندرا .ئەم دۆخە بووە هۆی ئەوەی لە نێوخۆی وڵات و بەتایبەت لای دەسەڵاتی سیاسی توشی رێگری زیاتر ببێت ، کاتێک ساڵی ١٩٦٦فیلمی (ئەندرێ رۆبلیف) ی دروستدەکرد فشارەکان زیاتر دەبوون بەشێوەیەک بەهۆی سانسۆرەوە نمایشی فیلمەکە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی کەوتە ساڵی ١٩٧٣.

هەرچەندە بەشێک لە نوسەرانی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤێت لەدوای کۆنگرەی ١٩٥٦ وە بە چوون بەرەو سەرمایەداری و خۆشاردنەوە لەپشتی دروشمە بریقەدارەکانەوە وەسف دەکەن ، بەڵام ئەو نەرمانی ئازادییە هێندە بڕی نەکرد و ساڵانی دەسەڵاتی بریجنێف دەستی پێکرد و لە ساڵی ١٩٦٦وە جارێکی دیدە دەسەڵاتی بێرۆکراسی لە حکومڕانی وڵاتدا سەردار بووەوە و ئەو رەوتەی خستە بەردەم هەرەشەی جددی کە دەیانویست پانتایی ئازادی فراوانتر بکەن لەوەی کۆنگرەی بیستەم فەراهەمی کردوە . بۆیە بەئاشکرا رەوتی فیلمسازی جارێکی دی روبەڕوی فشاری سیاسی بووەوە و تارکۆڤسکی و هاورێگەکانی هەندێکیان ناچار بوون وڵات جێ بهێڵن و هەندێکی تریان لە نیوەندی فیلمسازی دوورکەوتنەوە یان لەژێر هەژموونی دەسەڵاتی سیاسیدا ناچاربوون فیلمەکانیان لەنێو جۆرێک لەهێماگەریدا بشارنەوە . لەگەڵ ئەوەی تارکۆڤسکی لەزاری خۆیەوە رایدەگەێنێت کە ئەو نایەوێت لەناو سمبولیزمدا کار بکات و هەوڵدەدات لەچوارچێوەی مەجازدا بمێنێتەوە ، بەڵام بەشێک لە رەخنەگران وا دەبینن کە ناچاری تارکۆڤسکیشی تێکەڵاوی سمبولیزم کردوە .

تارکۆڤسکی وا دەبینێت کە وێنە هێزێکی گەورەتری بۆ گوزارشتکردن لە دنیا هایە بەبەراورد بەو سمبولانەی هەندێک دەیانەوێت گوزارشتەکانی لەپشتەوە لە چاو و درکی سانسۆر بشارنەوە . بەبەردەوام جەختی لەوە دەکردەوە کە بۆ گوزارشتکردن لە دنیا دەبێت کەرەستەی گوزارشت شتێک بێت خۆی سەربەو دنیا ئاوەڵایە بێت گەرنا سنوردار ودەستەوسان دەبێت . لە ڕوانینی تارکۆڤسکیدا گەلێک سانایە بتوانین ئەو هاوکێشەیە شیبکەینەوە کە سیمبولی لێ پێک دێت بەڵام خوازە کە وێنە نوێنەرایەتی دەکات ماناکەی لەنێو خۆیدایە ، سیمبول تاک دەلالەت و مانایە بەتەنها بەبەرکەوتنی شی دەبێتەوە ، بەڵام وێنە نەمرە و هەمیشە خۆی نوێ دەکاتەوە. هاوکات لەگەڵ ئەوەی هونەر وەک دیاردەیەکی ئۆرۆستۆکراتی دەناسێنێ بەڵام ، ئەرکێک دەخاتە سەر هونەرمەند کە دەبێت نزیک لە خەڵک و دنیابینیان بێت (سروشتی ئۆرۆستۆکراتیانەی هونەر ،هونەرمەند لە ئەرکی خۆی بەرامبەر بینەر بێ بەری ناکات ، تەواو بەپێچەوانەوە ، بەهۆی درککردنی هونەرمەند بەو زەمەن و جیهانەی تێیدا دەژی ، هونەرمەند دەبێتە دەنگی ئەوانەی ناتوانن دیدی خۆیان بۆ واقیع دابڕێژن و گوزارشتی لێ بکەن . بەو مانایە هونەرمەند بە راستی دەنگی گەلە) ( تارکوفسکی ،٢٠٠٦:١٥٨).

هەژموونی دەسەڵات تا کۆتایی هاتنی یەکێتی سۆڤێت رێگربوو لەهەر جۆرە دەرچوونێک لەو چوارچێوەیەی سیاسەتی فەرمی وڵات بۆ ئەدەب و هونەری دادەڕێژێت ، بۆیە رێگری و سانسۆر دواجار تارکۆڤسکی ناچار دەکەن وڵات بەجێبهێڵێت و هاوشێوەی پێشڕەوانی سینەمای سۆڤێت ئەویش روو لە خۆرئاوا دەکات . هەڵبژاردنی چوونە دەرەوە لە وڵات لەمیانەی بەرهەمهێنانی فیلمی (Nostalgia) بوو ساڵی ١٩٨٢ لە ئیتالیا کە بەرهەمێکی هاوبەشی ئیتالی -سۆڤێتی بوو . پاشان ساڵی ١٩٨٣ (ئۆپێرای گۆدۆنۆف) ی لە سەرشانۆ لەلەندەن پێشکەش کرد و ساڵی ١٩٨٤ کاتێک زانی بواری مانەوەی لەدەرەوەی سۆڤێت بە ڕێپێدانی فەرمی حکومەتی وڵاتەکەی کۆتایی هاتوە ، بڕیاری مانەوەی لە ئەوروپای خۆرئاوا دا و دوا بەهەمی خۆی بەناوی قوربانی لە سوید بە کۆمەکی ژمارەیەک لە هاوکارەکانی بێرگمان دروستکرد و بووە خاوەنی

چوار خەڵات لە فێستڤاڵی کان . ساڵی ١٩٨٦ ساڵی دوا بەرهەم و مەرگی تارکۆفسکی بوولە تاراوگە و هەرگیز نەیتوانی بگەڕێتەوە وڵاتەکەی خۆی.

## بەشی سێیەم

## دەر ئەنجام :

توێژەر دوای وردبوونەوەیەکی زۆر لە تەواوی دراوەکانی نێو توێژینەوەکە و هەموو ئەو بەڵگانەی لە سەرچاوە باوڕپێکراوەکانەوە دە خرێنە ڕوو دەگاتە ژمارەیەک دەرئەنجام دەربارەی شەپۆلێکی سینەمایی گرنگ کە لەزۆرینەی خوێندنگە و زانکۆ بەنێو بانگەکانی دنیادا دەخوێنرێت و وەک نموونەیەکی بڵندی داهێنانی ئەو بوارە مامەڵەی لەتەک دەکرێت.

1- گەلێک سانا لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لە نێو شیکارییەکاندا دەیبینین دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی ئەو ساکاری و کورتبینییەی لەبەرنامەی سەرکردەکانی شۆڕشی سۆڤێتیدا هەبوون سەبارەت بە سینەما ، و ئەو شێوازی مامەڵە توندە و ئەو جێگیرە ئایدۆلۆجیانەی کۆمەڵگای سۆڤێتی تێدا چەپێنراوبوو هێشتا ژمارەیەک فیلمی جوان لە سێبەری ئەو ڕێنماییە سنوردار و کورتبینانەدا دروستکراون و بوونەتە بەشێک لە مێژووی سینەما .

2- بەهەموو پێوانەیەک ئەو ڕستە بەنێو بانگەی لینین ( سینەما بۆ ئێمە گرنگترین هونەرە ) بە ساڵانی دیارە دەیەوێت بیگۆڕێتە فاکتەری پروپاگەندەیەکی ڕوت . زانراویشە کە ستالین ئەوەی بەدوایدا دەگەڕا لەم دراوانەدا دۆزیەوە و توانی سینەما وەک فاکتەرێک بۆ بەدیهێنانی خواستی خۆی بەکاربهێنێت .

3- هەموو کات وتەزاکان یەک مانا بەرهەم ناهێنن و دەشێت لەپشتیانەوە ڕستێک مانای شاراوە هەبن کە شیکاری بارودۆخی هاتنە کایەیان باشتر دەریاندەخات ، نموونەی وتەزا بەناوبانگەکەی لینین کە لەسەرەتاوە ئاماژەمان پێکردوە.

4- سینەمای سۆڤێتی بەر لە هاتنە پێشەوەی تارکۆفسکی لە مەسەلە ویژدانی و ڕۆحییەکانی مرۆڤ بەتەواوی دابڕێنرا بوو ، ئەوە هێز و توانای تارکۆفسکییە کە سیما مرۆییەکانی لە نێو هەست و سۆزێکی شاعیرانەدا بە سینەمای سۆڤێت بەخشیەوە .

5- تا کۆتایی هاتن بە دەوڵەتی سەرتاسەری سۆڤێت هێشتا هونەر و ئازادی دوو دراوی دوور لەیەک بوون و بەشی زۆری هونەرمەندان و نوسەران لە تاراوگە ژیان و سەریان نایەوە ، دوای پێرۆسترۆیکا و لەبەر یەک هەڵوەشانی یەکێتی سۆڤێت پانتاییەکان فراوانتر بوون دەرفەتی زیاتر بەرەو ڕوی فیلمساز و ڕوناکبیراندا کرایەوە .

6- هێما خۆی لە خۆیدا هەڵگری مانای تاک ڕەهەندە لە فۆرمێکی عەقڵانی دیاریکراودا ، بەڵام بنچینەی خوازە وێنەیە ، وێنەیەک هەمان سیماکانی ئەو دنیایەی هەیە کە گوزارشتی لێ دەکات بۆیە وێنە لەبەرامبەر هێمادا هەڵگری مانایەکی دیاریکراو نییە . ئاستەمە قسەکردن لەسەر دنیایەکی بێ کۆتایی بەکەرەستەیەک کە سنوردارە بۆیە هەڵبژاردنی مامەڵەکردن بە وێنە وەک ئایکۆنێکی کراوە کە سەر بەهەمان جیهانی گوزارشتە بۆ تارکۆفسکی و هاوشێوەکانی بژاردەیەکی دروستتر بوو.

7- سستەمە تۆتالیتارەکان هیچ کات ناتوانن هێندە ئازادی فەراهەم بکەن کە لەسایەیدا هونەر بەگشتی و سینەما بەتایبەتی بتوانێت گەشە بکات .

## سەرچاوەکان:


1. Aiken ،Henry( 1962) *The Age of Ideology: the nineteen Century Philosophers*. The Mentor books.
2. Bulgakova, O. (2012). *The Russian Cinematic Culture*. In Dmitri N. Shalin, 1-37.
3. Eisenstein, S. (1995) Volume IV: *Beyond the Stars, The Memoirs of Sergei Eisenstein.* BFI Publishing London.
4. Fabe, M. (2004) *Closely Watched Film: An Introduction to the Art of Narrative Film Technique*. University of California Press
5. Leyda , Jay (1983) Kino : *History of Russian and Soviet Film*. 3ed Edition. Princeton, N.J.: Princeton University Press. New Jersey.
6. Miller, Jamie (2010) *Soviet Cinema Politics and Persuasion under Stalin*. I B. Tauris, London, New York.
7. Thompson, K & Bordwell, D (2018) *Film History: An Introduction* ,4th Edition. McGraw-Hill Education, New York
8. Trotsky, L. (1998) *Problems of Everyday Life And other writing on Culture & Science*. Monad Press, New York, London, Sydney.
9. Vega Alfaro, E. d. l. (2000). *La vanguardia cinematográfica sovietica* (1918-1935). Mexico: CONACULTA.
10. دۆیل، کلیەر (٢٠١١) شۆڕشی سۆسیالیستی ١٩١٧ ی ڕووسیا . وەرگێڕانی :پێشڕەو محەمەد لەکتێبی ( شۆڕشی ئۆکتۆبەر : ئەوکاتەی کرێکاران پەلاماری ئاسمانیان دا. بڵاوکراوەکانی ناوەندی لێکۆڵینەوەی سۆسیالیستی کوردستان .
11. انبال،جي & الان فيرمو (٢٠٠٠) المدارس الجمالية الكبرى في السينما العالمية، ترجمة مي التلمساني . المشروع القومي للترجمة. دمشق.
12. - اوس، مارسيل (٢٠٠٠) الاتحاد السوفيتي في العشرينات، في كتاب المدارس الجمالية الكبرى في السينما العالمية ، اعداد جي انبال مع الان فيرمو، ترجمة مي التلمساني . المشروع القومي للترجمة. دمشق.
13. العروي، عبد الله (٢٠١٢) مفهوم الأيديولوجيا، الطبعة الثامنة، المركز الثقافي العربي ، الدار البيضاء.
14. - بوند ، براين ( ١٩٨٨ ) الحرب والمجتمع في اوروبا 1870 – 1970، ترجمة سمير عبد الرحيم الجلبي، دار المأمون، بغداد.
15. بشارة ، جواد . وقفة مع شاعر السينما الراحل اندريه تاركوفسكي ، مجلة النزوى عدد 8 1ئوکتوبر1996
16. البيضاني، إبراهيم سعيد (2010) تاريخ الدول الكبرى 1914– 1945، بغداد.
17. تاركوفسكی ، اندريه (٢٠٠٦) النحت في الزمن .ترجمة امين صالح . المؤسسة العربية للدراسات و النشر .بيروت.
18. دويشتر ، أسحاق( ١٩٦٩ ) ستالين سيرة سياسية، ترجمة فواز طرابلس، ط1، دار الطليعة، بيروت.
19. دودج، مارتن (١٩٧٢ ) اعرف مذهبك، ترجمة احمد المصري، مكتبة المعارف، بيروت.
20. دونو ، الن ( 2020) نظام التفاهة .ترجمة و تعليق مشاعل عبدالعزيز الهاجري .دار سؤال للنشر .بيروت

21. طبارة ، شفيق . ميديا وتلفزيون ستيرمينغ | الإثنين 16 أيلول 2019.
22. عبدالسلام، محمد هاشم . تاركوفسكي قيصر الروحانية السينمائية . موقع سين ئارتس 24 . 2022\12\18. مأخوذ يوم 25\4\2023 من https://cinarts24.com/أندريه-تاركوفسكي-قيصر-الروحانية-السي/.
23. فروم، أريك (١٩٨٩) الانسان بين الجوهر والمظهر. ترجمة سعد زهران. عالم المعرفة. الكويت.
24. كاظم، قحطان حميد & عبد، احمد محمد جاسم (2014) التطورات الداخلية في الاتحاد السوفييتي 1918– 1939م، مجلة كلية التربية الأساسية /جامعة بابل. العدد 17 .
25. مانهايم ، كارل (١٩٨٠) الأيدولوجيا و اليوتوبيا؛ مقدمة في سوسيولوجيا المعرفة. ترجمة و تقديم د. محمد رجا عبدالرحمن الدريني . شركة المكتبات الكويتية. الكويت.

Available online at http://aran.garmian.edu.krd

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARN.2025.01-02-19

# Soviet cinema: the cinema of the era of acrimonious life: The hegemony of ideology on the raising of awareness through films

**Dilshad Mustafa Rahim Razawa**

Film Department, College of Fine Arts, University of Sulaimani, Kurdistan Region – Iraq

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received | **June, 2025** |
| Accepted | **August, 2025** |
| Published: | **November, 2025** |

**Keywords**

**Soviet cinema, montage, hegemony of ideology, cinema of revolution**

**Corresponding Author**

dilshad.razawa@univsul.edu.iq

## Abstract

The October Revolution of 1917 was not just a revolutionary political change to end the Tsarist rule in Russia and create a socialist government to improve the lives of people, especially the poor and the lower classes, but was a fundamental process of change in the entire socio-cultural structure, affecting all cultural and artistic aspects of the country. Cinema as one of the most powerful and prominent new mediums of consciousness was given great importance, and itself as a phenomenon of the new era became the focus of the attention of thinkers. To this day, discussion about Soviet cinema is still an interesting topic in the academic throughout the world.

Most of the researches that have been done on Soviet cinema have focused on the positive impact it had on world cinema in particular in the efforts to invent montage as a distinctive film style and the dominance of the country's filmmakers ' working style in dealing with reality. But the general state of production and the dominance of ideology in imposing restrictions on the world of creators have become of less interest to researchers.

This study attempts to penetrate the mystery surrounding the general structure of this film movement, to analyse the dominance of ideology and Politics on the creative space that gave dozens of great directors to the world of filmmaking, and to reflect on the state of restrictions that he set for its creators. The attempt to analyse the cruelty and tyranny used by the political force and its ideas and create a space that serves the political power and its ideas is another part of this research. Supplementary, work and scientific research have been done to reach results and conclusions that serve this field of knowledge in a different way from what was previously presented.